مەندەاوی داوای یەک هەڵوەستی وەاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات سەبارەت بە مەترسیەکانی سەر ناوچەکە

ئەمڕۆ یەک شەممە "موحسین مەندەلاوی" سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت،داوای یەکخستنی هەوڵ و هەوڵستی وەاتانی عەرەبی و ئیسلامی کرد سەبارەت بەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە ناوچەکە دەکەن،هاوکات "شێخ عەلی خەتیب" جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعەکان لە لوبنان،سەبارەت بەو پێشهاتانەی لە فەلەستین ڕوودەدەن هەوڵستی عەراقی بەرز نرخاند.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:-

ئەمە یەک شەممە " محسین مەندەلاوی" سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت،لە نووسینگەی تایبەتی خۆیەوە ئامادەبوونی "عەلی حەباب" باڵیۆزی لوبنان لە عەراق،و پەرلەمانتار "مستەفا سنەد" پێشوازی لە شێخ "عەلی خەتیب" جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعەکان لە لوبنان کرد .

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-لە میانەی دیدارەکەدا"مەندەلاوی"باسی لە دیارترین مە ترسیەکانی بەدەم نەتەوەی ئیسلامی و ووەاتانی ناوچەکەی لە هەلومەرجی ئێستادا کرد،بە تایبەتی ئەو تاوانانە کرد کە لەلایەن داگیرکەری زایۆنی لە دژی گەلی فەلەستین بەگشتی،و خەڵکی کەرتی غەززە بە تایبەتی، و پێشلکارییە بەردەوامەکانی بە سەروەری لوبنان ئەنجامدەدرێت و کاردانەوەکانی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە .

مەندەلاوی جەختیکردەوە لەسەر پەیوەستی یەکخستنی هەوە و هەوەستە عەرەبی و ئیسلامییەکان بە هووبەووبوونەوەی ئەم هەڕەشە و مەترسیانە.

لە بەرامبەردا جەگری سەرەکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعەکان لە لوبنان ڕایگەیاند:- هەموو لایەک حساب بە عەراق دەکەن بە کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە، کە بەغدا ڕەکی سەرەکی و ناوازەی هەبوو لە نزیککردنەوەی دیدگاکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.

هەروەک ستایشی "هەوەستە فەرمییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و حکومەتی عەراقی کرد سەبارەت بەو پێشهاتانەی کە لە غەززە ڕوودەدەن.